
د.هێمن عومەر:

# لەپاش نالی، سەرقاڵی ساغکردنەوەی ژیانی چەند شاعیرێکی ترم




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

د. هێمن عومەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ، سەرقاڵی ساغکردنەوەی چەند تێکستێکی بڵاونەکراوەیە و هاوشێوەی نالی-ش کار لەسەر ڕاستکردنەوەی ژیانی هەندێ شاعیری دیکە دەکات.

د.هێمن پێشتر کتێبی "نالی لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا"ی بڵاوکردەوە و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. لەو کتێبەدا سەبارەت بە ژیان، تەمەن و هەندێ وردەکاریی تری تێکست و ئەو شوێنانەی سەردانی کردوون و مردنەکەی هەندێ ڕاستیی بەڵگەداری خستبووە ڕوو کە تا ساڵی 2017 لە کتێبەکانی پەیوەست بەو شاعیرەدا بە هەڵە هاتبوون.

لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: کەرەستەی خاو زۆر زۆرە بۆ ئیشکردن، بەڵام ئەوە ئیشی تاکەکەس نییە و دەبوو چەندین دەستە لە کەسانی شارەزا کاریان لەو بەڵگانەدا کردبا، لەسەر کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسی و ئیدارییەکانی کورد بە هەزاران بەڵگە هەن، مخابن تا ئێستا ساغ نەکراونەتەوە.

سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ژیانی نالی کە ئەو پێیگەیشتووە بە تایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، گوتی: "زانکۆی سۆران کە کتێبەکەمی چاپ کرد، نووسراوی بۆ وەزارەتی پەروەردە کردبوو بۆ ئەوەی مێژووی مردنی نالی ڕاست بکەنەوە، بەڵام وەک ئەوەی بزانم هێشتا سۆراغی دیار نییە و خوا بزانێ چی بەسەر هاتووە!"

لە کتێبی نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئەوە ئاشکرا کراوە کە نالی و شاعیرانی هاوچەرخی بە جۆرێک بە لای دەسەڵاتی عوسمانیدا شکاندوویانەتەوە، سەبارەت بە کاریگەریی ئاشکرابوونی ئەو ڕاستییە لەسەر خوێنەری ئێستا، د. هێمن دەڵێت: "نابێ بە چاوی ئەمڕۆ تەماشای ڕابردوو بکرێت و بە پیوانی ئێستا ڕابردوومان هەڵسەنگێنین و بە میزاج و فکری هەنووکەوە دوێنێ بخوێنینەوە، دەبێت ڕەچاوی دۆخی مێژوویی ئەوسا بکرێت، هەموو دیوانی شاعیرێکیش بە سەعاتێک و ڕۆژێک نەنووسراوە تا هەموو شیعرەکان بە یەک فووتە بپێوین، لە ماوەی چل تا پەنجا ساڵی ژیانی شاعیرێکدا دەشێ ناچاریی وای لێکردبێت هەڵوێستێکی نواندبێ کە ئێستا بە دڵی من و تۆ نەبێت، بەڵام ناتوانین بڵێین بە درێژایی ژیانی وابووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوسای عوسمانی وەک کەلاکێک وابوو، ئازا ئەو کەسە بوو کە بیرنێتەوە. ئەگەر هیچ لەو پاساوانەش لای خوێنەر قبوڵ نەبێت، دواجار شاعیریش فریشتە نییە و مرۆڤێکە و دەشێ هەڵەیش بکات".

مامۆستاکەی زانکۆی سۆران ئاشکرای کرد کە ئێستا سەرقاڵی ساغکردنەوەی چەند تێکستێکی بڵاونەکراوەیە و هەروەها لەسەر ژیانی چەند شاعیرێکی تریش خەریکی لێکۆڵینەوەیە.

# ئازاد بەرزنجی ڕۆمان و نۆڤلێتێک دەکاتە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ئازاد بەرزنجی، وەرگێڕی کورد، نۆڤلێتی "خاک و خۆڵەمێش" و ڕۆمانی "چاکە و خراپە" بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕێت و بەم نزیکانە بڵاودەکرێنەوە.


ئازاد بەرزنجی بە (ئەدەب و کولتووری و ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نۆڤلێتی (خاک و خۆڵەمێش)ی عەتیق ڕەحیمی لە زمانی ئینگلیزی و ڕۆمانی (چاکە و خراپە)ی کریشنا مۆرتی لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاون و بەم نزیکانە بڵاودەکرێنەوە.

گوتیشی، دوو کتێبەکە لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی دیکەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاودەبنەوە.

ئازاد بەرزنجی، لەدایکبووی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و بڕوانامەی دیپلۆمی لە شانۆ هەیە. بە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و عەرەبی و کوردی دەنووسێت و وەردەگێڕێت. خاوەنی زیاتر لە 50 کتێبە لە بوارەکانی: فەلسەفە، فیکر، ڕۆمان، باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی کە بەشێکی زۆریان وەرگێڕانن لە زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و عەرەبییەوە بۆ کوردی.

**هەڤپەیڤینێکی درێژ لەگەڵ ئازاد بەرزنجی، لە لاپەڕەی سێی ئەم پاشکۆیەدا بخوێنەوە.**

# خەلیفە بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕێت




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری کورد، بۆ فیلمە نوێیە سینەمایییەکەی بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕێت، پاڵەوانەکە دەبێت منداڵ بێت و کەمئەندام بێت.

سەهیم عومەر خەلیفە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە دوای تەرخانکردنی بودجە بۆ فیلمە نوێیەکەی بۆ ئەوەی کورتە فیلمی «میسیی بەغدا» وەک فیلمێکی سینەمایی درێژ بەرهەمبێنێ، ئێستا بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕێت.

ڕوونیشیکردەوە کە بۆ گێڕانی ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە، دەبێت تەمەنی لە نێوان 9 بۆ 12 ساڵ بێت و زمانی عەرەبی بە باشی بزانێت و خاوەن پێداویستی تایبەت بێت و تەنیا یەک قاچی هەبێت.

«میسیی بەغدا» کورتە فیلمێکی دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفەیە، لە دوای وەرگرتنی 60 خەڵاتی جیهانی، بڕیارە وەک فیلمێکی درێژی سینەمایی بەرهەمبێت، بودجەی بەرهەمهێنانی لەلایەن بەلجیکاوە دابینکراوە.

ئەم کورتە فیلمە لە ساڵی 2012 بەرهەمهات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو. یەکێک لە 10 کورتە فیلمەکانی کورتە لیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین کورتە فیلم.

فیلمەکە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنیل مێسی، یاریزانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بکەوێت و دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی ماددی بۆ کۆکردەوە و لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروستکرا.

دەرهێنەری فیلمەکە لەگەڵ ستافی بەرهەمهێنانی فیلمەکە سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە. بڕیارە لە دەستپێکی هاوینی ئەمساڵدا، لە بەلجیکاوە سەردانی باشووری کوردستان بکەن بۆ دیاریکردنی لۆکەیشن و بەشێک لە ستافی فیلم و ئەکتەرەکان.

# دانا ڕەئوف سەرقاڵی سێ بەرهەمە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دانا ڕەئوف، نووسەر و شانۆکار سەرقاڵی ئامادەکردن و نووسینی سێ بەرهەمە لە بواری شانۆ.

ئەو لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: ئێستا کار لەسەر سێ بەرهەم دەکەم: یەکەمیان سێینەیەکی تازەیە بە ناوی (وەک ئەوەی ژیان لەوێ بێت). دووەم خەریکی پێداچوونەوەی کتێبەکەمم لەسەر ستریندبێرگ کە لە ساڵی 2014 چاپ کراوە و ئێستا لە بازاڕدا نەماوە، هاوکات چاپی دووەمی کتێبی (شانۆی توندوتیژ لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا). ئەم کتێبەم لە ساڵانی 1980 چاپ کراوە و یەکەم کتێبمە، چاپی دووەمی بە شێوەیەکی تەواو دەوڵەمەند کراوە و لە هەموو ڕوویەکەوە تیایدا قووڵ بوومەتەوە و کارێکی زۆرم تێدا کردووە.

دانا ڕەئوف، یەکێک لە هونەرمەند و نووسەرە دیارەکانی بواری شانۆیە و بەرهەمگەلێکی زۆری لەو بوارەدا هەیە، ئەو لە ساڵی 1980وە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیەتی و تا ئێستاش 29 کتێبی بە چاپ گەیاندووە کە سێیان بە زمانی سویدین.



# کاروانی ژیانم.. نووسینەوەیەکی دەگمەنی هونەری بیرەوەریی کوردی

سەنگەر زراری



هیچ بیرەوەرییەکم نەخوێندووەتەوە بە قەدەر بیرەوەرییەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی (کاروانی ژیانم)* تێروتەسەل بێت، پێدەچێت ئەم جۆرە بیرەوەرییە هەر خۆی دەگمەن بێت، لێرەدا (تێروتەسەل) بە دوو مانا بەکاردێنم، یەکەم: لەو ڕووەوە کە مامۆستا هەر لە سەرەتای ژیانییەوە باس دەکات تا دواساتەکانی ژیانی، دووەم: لەو ڕووەوە کە باسی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی، سەربازی، سیاسیی ژیانی خۆی کردووە.

مامۆستا دوارووداوی ژیانی کە تۆماری کردبێ، ئەوەیە کە لە (12/8/2015) لە شاری هەڵەبجە لە مەراسیمێکدا ڕێزی لێ نراوە، خۆیشی لە (4/6/2016) کۆچی دوایی کردووە، واتا تا 10 مانگ پێش کۆچی دواییشی، ڕووداوەکانی ژیانی خۆی نووسیوەتەوە. دوای چاپبوونی چاپی یەکەمی کتێبەکە ئەو زانیاریانەی وەبیری هاتوونەتەوە، یان وەبیریان هێناوەتەوە، لە چاپی دووەمدا زیادی کردوون، تەنانەت ئەوانەشی زیاد کردوون کە لە دوای چاپی یەکەمەوە ڕوویانداوە، ئەوەتا لە پێشەکی چاپی دووەمدا دەنووسێت: "هەندێ ڕووداوی تازە لە بەرگی دووەمدا تۆمار کراون، ئەمانە پاش چاپی یەکەم ڕوویانداوە و بەپێویست زانراوە تۆماریان بکەم...ل7". واتا مامۆستا لەوەشدا دەقشکێن بووە کە تا کۆتایی ژیانی توانای نووسین و باسکردنی ژیانی خۆی هەبووە، وەکو چۆن لە زۆر بیروباوەڕ و نووسینی دیکەشدا دەقشکێن بووە و خاوەنی بیروڕای بوێرانەیە.


وەکو گوتمان ئەم بیرەوەرییانە لە هەر چوار لایەنی کۆمەڵایەتی و زانستی و سەربازی و سیاسی، گرنگیی خۆی هەیە و مامۆستا زەڵمی بەتێروتەسەلی لەبارەیان دواوە، کە دەتوانین بەکورتی بەمشێوەیە باسی بکەین:

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پەرە لە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوکات و سادەیی خەڵکی گوندە دوورەدەستەکان و ئاڵۆزیی ژیان لە شارەکان و شێوازی تێکەڵاوی خەڵک و ژیانی خێزانداری و.. تێڕوانینی خۆی لەمڕووانە خستووەتەڕوو، هەروەها بەدەریش نییە لەو نوکتە و قسە خۆشانەی کە چ بەسەر خۆی یان بەسەر کەسانی دیکەدا هاتوون و لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی گونجاون و باسی کردوون.

لەڕووی زانستییەوە، لەلایەک بە درێژی باسی ژیانی فەقێیەتیی ئەوکات و باسی چۆنیەتی گەڕان و سووڕانی فەقێ بەدوای زانستدا و چۆنیەتی خوێندن و ژیانیان دەکات، لەلایەکی دیکەش باسی خوێندنی حکوومی لە سەرەتاوە تا دەگاتە کۆلێژ و خوێندنی باڵاش لە ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات دەکات، لەمەشدا وەنەبێ تەنیا باسی ژیانی خوێندنی خۆی بکات، بەڵکو باسی شێوازی خوێندنەکان دەکات، کە خۆی ئەزموونی لە نێو هەردوو جۆرەکەی خوێندندا هەیە، باری سەرنجی خۆی لەسەر هەر جۆرێکیان دەخاتەڕوو، باشی و خراپییەکانیان دیاری دەکات. خۆشی گەیشتووەتە پلەیەک کە لەڕووی زانستی شەریعە و یاسا، لەسەر ئاستی جیهان بناسرێ و تا ئێستاش کتێبەکانی وەکو مەنهەج لە هەردوو جۆری خوێندنی فەقێیەتی و خوێندنی بەشەکانی شەریعە و یاسای زانکۆکانی ناوەخۆ و دەرەوەی وڵات بخوێنرێن.

لەڕووی سەربازییەوە، مامۆستا لە نێوان ساڵانی (1955-1972ز) ئیمامی سوپا بووە و لە بواری سەربازی کاری کردووە، ئەوکاتەی بووەتە ئیمامی سوپا (عەبدولسەلام عارف) فەرماندەی فەوج و (عەبدولکەریم قاسم)یش فەرماندەی لیوا بووە. ئیمامی سوپا هەر تەنیا کارێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو وەک مامۆستا خۆی دەڵێت: "ئیمام لە سوپادا پێی دەوترا ئیمام تابوور (...) ئیمام لە سوپادا هەموو مافێکی ئەفسەری هەبوو... ل422"، کەواتە حیسابی ئەفسەرێکی سوپای بۆ کراوە و ئەمەش ئەزموونکردنی ژیانی سەربازییە لەلایەن مامۆستا.

لەڕووی سیاسییەوە، بەهۆی تێکەڵبوونی بە سوپا و بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە کەوتبووە هەمان فەوج و لیواکەی عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم، کە دواتر پێشەوایەتی شۆڕشی (1958) یان کرد لە دژی سیستەمی پاشایەتی و گۆڕییان بۆ سیستەمی کۆماری، ئەویش تێکەڵ بە کاروباری سەربازی و سیاسی و پێشڤەچوونەکانی شۆڕش دەبێت و دیارە خۆشی مەیلی بەشداری لەم پرسە سیاسی و سەربازییانەی هەبووە، بۆیە ئەویش کاریگەری گەورەی هەبووە لە شۆڕشی 14ی تەمووزی ساڵی 1958 و لەگەڵ ڕێکخراوی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا پەیوەندی دەبەستێت و چەندین ئەرکی گرنگی پێ دەسپێردرێت، لەگەڵ چەندین کوردی دیکە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردا تێدەکۆشێت، مامۆستا لە بیرەوەرییەکانیدا، ڕووداوەکانی ڕۆژانی شۆڕش بەوردی دەگێڕێتەوە، پاش شکستهێنانی شۆڕش و هەڵگەڕانەوەی سەرانی شۆڕش لەگەڵ میللەتی کورد، دکتۆر مستەفا زەڵمی پەیوەندی خۆی بەسەرانی شۆرشەوە دەبچڕێنێ و زیاتر گرنگی بە زانستەکەی دەدات و خۆی بۆ زانست و خوێندن و نووسین و وانەگوتنەوە تەرخان دەکات.




پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، ناوی تەواوی (مستەفا ئیبراهیم محەممەد ئەمین)ە، ساڵی (1924) لە دێی زەڵمی ناوچەی هەورامان لەدایکبووە، پسپۆڕێکی دیاری بواری شەریعەت و یاسا بووە، نەک تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە تەواوی جیهانی ئیسلامی، سەرەڕای خوێندنی فەقێیەتی و شارەزایی لە زانستەکانی: (نەحو، سەرف، مونازەرە، مەنتیق، بەلاغە، ئوسوڵی دین، ئوسوڵی فیقە، فەلسەفە، بیرکاری، فەلەکناسی) چەندین بڕوانامەشی لە بوارەکانی یاسا و شەریعەت لە ناوخۆی عێراق و لە میسر بەدەستهێناوە، ژمارەیەکی زۆر کتێبی لە چاپ دراون. کتێبەکانی لە زانکۆکانی عێراق و ئوردن و ئەندۆنیسیا و یەمەن لە کۆلێژ و قۆناغەکانی ماستەر و دکتۆراش دەخوێندرێن. لە 4ی حوزەیرانی 2016 لە نەخۆشخانەی پاری شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە ناحیەی خورماڵ بەخاک سپێردرا.

کتێبی "کاروانی ژیانم"، تەنیا گێڕانەوەی بیرەوەری و یاداشتێکی ئاسایی ژیان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا، هەم زانیاری و هەم تێڕوانینەکانی خۆیشی لەبارەی زۆر باس و ڕووداو بەوردی دەخاتەڕوو.

*** کاروانی ژیانم – موستەفا ئیبراهیم زەڵمی، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی سێیەم (2018).**

# دراما، فووتبۆڵ، پۆڕن
# ئازار و تۆڵە و چێژ!

ئەنوەر عەباسی



ئادۆرنۆ لە شوێنێکدا دەڵێ: فەرهەنگ بەرهەمی جیاکاریی ڕادیکاڵ لە نێوان کاری جەستەیی و کاری زەینییە و لەم جیاکارییە کە بەشێوەیەک یەکەم تاوانە (orignal sin) هێز دەگرێ.*

بەردەنگی ''گەیم ئۆف ترۆنز'' و بەردەنگی فوتبال، هەردوو لە یەک چەشنن. یان باشترە بڵێم گەیم ئۆف ترۆنز و هاوشێوەکانی، کارکردێکی هاوشێوەی فوتباڵیان بۆ بەردەنگەکانیان هەیە. بەربەرەکانێی نێوان ئەو لایەنەی کە من خۆمی تێدا دەبینمەوە، لەگەڵ ئەو لایەنەی کە حەزم لە چارەی نییە. کوشتن و شەڕ و هەڵاتن و گۆڵکردن بە دەست و لاقی ئەویدی. لێرەدایە کە پیشەسازیی پۆڕن یش دەچێتە پاڵ ئەو دووەی سەرەوە. ئەمن (پیاو) بە چووکی ئەویتر کە (ئەحیانەن گەورەترە لە هی خۆم) لەگەڵ کەسێکی نەناس (کە ئەحیانەن سێکسیترە لە پارتنەرەکەی خۆم) سێکس دەکەم.

دیارە ئادۆرنۆ ئەم ڕستەیەی لە مەبەستێکی دیکەدا دەکار کردووە، بەڵام دۆزینەوەی پێوەندی بۆ بابەتێکی نێوان دەقی لێرەدا بۆ من گرینگتر بوو. واتە بۆ دانانی جیاوازیی نێوان کارێک کە خۆم دەیکەم و کارێک کە ئەویدی بە نوێنەرایەتی من دەیکا و من خۆمی تێدا دەبینمەوە. ئەو مەودایەی کە دەکەوێتە نێوان ئەم دووە، دەرفەتی کاری زەینی دەخولقێنێ. ئەگەر ئەمە فەرهەنگ نەبێ بە واتا ئادۆرنۆییەکەی، لانیکەم بەشێک لە فەرهەنگ و لە واتایەکی کۆمەڵگاتەوەردا دەتوانین بڵێین دژەفەرهەنگە. بەرهەمی هونەریی ڕووکەش و بازاڕی بە پێچەوانەی بەرهەمی هونەریی ڕەسەن و سەربەخۆ، بە جێگای ئەوەی کە خۆی بە بابەتێکی وەکوو ''واتا'' وە ماندوو بکا، بارودۆخێک دەڕەخسێنێ کە لەودا سەفەرێکی پڕ لە تەعلیق (Suspense) بۆ بەردەنگ ساز بکا. لە چیرۆکی گەیم ئۆف ترۆنزیشدا، دەرهێنەر بە ئافراندنی وەها سەفەرێک و بە یارمەتی هەستی نوستالژیکی بەردەنگ کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەفسانە و ئیلاهیاتدا تووشی دەبێ، دۆخێکی وا دەخەملێنێ کە فووتبۆڵ بۆ هۆلیگانەکانی دەسازێنێ. ئەمە لە پیشەسازیی پۆڕن یشدا بەهەمان شێواز کار دەکات، بەو جیاوازییەی کە پیشەسازیی پۆڕن خاوەن هۆلیگان و هاندەر و بەردەنگی شاراوەیە و بەشێوەیەکی زۆر ژێرپێستی بە دەوری ئەفسانەی ئیلاهەی سێکسەوە کۆبوونەتەوە. بە سەیرکردنی ئامارەکان، هێندەک بابەتەکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە. لە ساڵی 2015 دا لە ئێران ئەو وشانەی زۆرترین جار لەسەر ئینتەرنێت سێرچ کراون بە ڕیز ئەمانە بوون 1: خودی وشەی ویکیپیدیا 2: وشەی ئێران 3: ئەلێکسیس تێگزاس (پۆرن ستار) 4: قاسم سلێمانی.** ئەگەر وشەی ویکیپیدیا لابەرین (چونکا خەڵک بۆ بەکارهێنانی خودی ویکیپدیا ئەم وشەیان سێرچ کردووە و لەم بابەتەی ئێمەدا ناتوانێ واتایەکی تایبەتی هەبێ یان لانیکەم ئێستا بابەتی ئێمە نییە) دەمێنێتەوە سێ ناوی ئێران، ئەلێکسیس تێگزاس و قاسم سلێمانی. ئەمە بەڕێکەوت نییە و ساڵەکانی پێش و دوای ئەم ساڵەیش ئەم وشەگەلە و وشەی هاوشێوەی ئەمانە هەر لە سەرەوەی خشتەی زۆرترین سێرچکراواندا بوون و هەن.

وڵاتی گەورە ئەفسانەیە. ئێران ئیدە و ئەفسانەی گەورەیە کە هەڵبژاردەی فووتبۆڵەکەیشی وەکوو ئەرتەش و سوپا و ... کۆکەرەوەی هاندەرانێکە کە لە دەوری ئەم ئەفسانە کۆبوونەتەوە. ئەلێکسیس هەمان ئیلاهەی سێکسە. هەر ئەو ئایدیای کامڵترین و جوانترین و سێکسیترین و دڵخوازترین و ...ترین. ئەو ئایدیایە کە هەموو پیاوان دەتوانن لە ژێر ئاڵایدا کۆببنەوە (هەرچەند بە دزییەوە) و قاسم سلێمانی هەمان ڕۆڵی جێگرەوەی هەیە کە لە سەرەوە باس کرا. بە جێگای مرۆڤی ئێرانی شەڕ دەکا و ئەفسانەی ئێرانی بەهێز، وادەکا مرۆڤی ئێرانی لە دەوری کۆوەبن. مرۆڤی ئێرانی خۆی لە جێگای قاسم سلێمانی دادەنێ (کە ئەحیانەن لە خۆیان... ترە).

ئەفسانە بۆ گرینگە؟ بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ویستە سەرەتاییەکانی ژیان، ناتوانێ لە گروپگەلی پتر لە 150 کەسیدا بژی. واتە هەر کە گروپی هاوڕێکانی لە سەد و پەنجا تێپەڕین، یان لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و دەبێ بە دوو یان چەند گروپی بچووکتر، یان خێرا بە دەرکردنی یەکێک دیسان دەگەڕێتەوە سەر نۆرمی سەد و پەنجا کەسی. بەڵام ئەی چی وادەکا کە ئەرتەشێکی سەدان هەزار کەسی لەبەریەک هەڵنەوەشێ؟

ئەو شتە ئەفسانەکان و ئایدیا زەینییەکانن. واتە ئەرتەشێکی سەد هەزار کەسی لە دەوری شتێک کۆدەبنەوە کە تەنیا لە مێشکدا هەیە و لە دەرەوەی مێشک هیچ نییە. شتێکی وەکوو وڵات، وەکوو ئیسلام، وەکوو شەرەف وەکوو... کەس ناتوانێ سەدهەزار کەس ناچار بکا یەکگرتوو بن مەگەر ئەوەی کە ئایدیایەکیان بۆ ساز بکات. ئایدۆلۆژییەکان هەر لێرەوە دێن. عەرەب پێش هاتنی ئیسلام قەت نەیتوانیوە یەکگرتوو بێ. بەڵام دوای ئیسلام وەها یەکیانگرت و لە پێناو ئایدیایەکدا شەڕیان کرد کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا بوون بە گەورەترین مەترسی بۆ مرۆڤی سەر عەرز. هەروەها بڕوانن لە مێژووی هیتلەر و ... . ئایدیا و ئەفسانەکانی وەکوو مرۆڤی مەزن، بەرزە مرۆڤ، مرۆڤی ئازاد و ژنی ئازاد و لیبراڵیزم و سۆسیالیزم و... یش هەموو لەم چەشنەن و تەنیا ڕۆڵی سازکردنی یەکگرتوویان هەیە و قەت هیچ ڕاستییەکی زانستی و فیزیۆلۆژیک و سروشتییان تێدا نەبووە و نییە و نابێ. مرۆڤی نیۆئاندێرتاڵ لە مرۆڤی ژیر، هەم بە جەستە گەورەتر بوون هەم مێشکێکی گەورەتریان هەبوو. بەڵام ئەوان نەیانتوانی وەکوو مرۆڤی ژیر لە دەوری ئەفسانەکان و ئایینە سەرەتاییەکان کۆبنەوە و قەت نەیانتوانی گروپی گەورەتر لە 150 کەس ساز بکەن، بۆیە لە بەرانبەر هێرشی گروپە هەزاران کەسییەکانی مرۆڤی ژیردا لاواز بوون و تێداچوون. یوڤال نوح هەراری لە کتێبی ''مرۆڤی ژیر''دا نموونەیەکی جوان بۆ ئەم بابەتە دێنێتەوە: ئێوە قەت ناتوانن بە مەیموونێک بڵێن کە ئەو مۆزەی بە دەستتەوەیە بدە بە من، خودا لەو دنیا باخێکی مۆزت پێدەبەخشێ. مێشکی ئەو مەیموونە ناتوانێ شتێک بێجگە لە واقع بەرهەم بهێنێ. بۆ ئەو ئامانج و ئایدیایەکی لەم چەشنە بێواتایە. مێشکی ئەو ئەفسانەساز نییە. بەڵام مێشکی مرۆڤی ژیر، بەڵێ.

بۆیە درامایەکی وەکوو گەیم ئۆف ترۆنز بە دەستدانان لەسەر ئەفسانە و ئیلاهیات دەتوانێ ملیۆنان بەردەنگ بۆ خۆی کۆبکاتەوە کە لە هەر دەرگایەک دەکوتن هەتا تۆیش ناچار بکەن وەکوو ئەوان سەیری بکەی و تۆیش وەکوو ئەوان بە جادووی کایەی تاج و تەخت و تەعلیقە بێکۆتاکانی جادوو بکرێی. کە جادوو کرای، خۆت دێی و لە نێو بێواتاییدا واتا دەدۆزییەوە. واتا دادەتاشی. لەگەڵ ژیانی خۆت و کۆمەڵگای خۆت بەراوردی دەکەی. چەند ساڵ لەوە پێش کە درامایەکی کۆری لە تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەبووەوە، ڕۆژ نەبوو نەبیسین کە فلانە کاری فلانە کاراکتەر لەگەڵ فلانە کاری فلانە بەرپرس بەراورد دەکرا.

سادومازوخیسمێک کە ئەم درامایانە بەرهەمی دێنن هاوشێوەی هەمان ئەو سادومازوخیسمەیە کە فووتبۆڵ و پیشەسازیی پۆڕن بەرهەمی دێنن. بەردەنگ چێژ دەبینێ، ئایا لە دنیای ئەمڕۆدا هیچ شتێک هەیە لە چێژ گرینگتر بێت؟ چێژ لە ئازار دیتنی خود-ێک کە ئەویترە و بە جێگای ئێمە ئەشکەنجە دەدرێ و سزا وەرگرتنی ئەویترێک کە خود-ی پێشووی ئازار داوە. چێژی تۆڵە. ئێمە خۆمان لە بەرانبەر ئازاردا تەسلیم دەبین کە دوایی چێژی تۆڵە سەندنەوە ببینین.

*** ئەم ڕستەیە لە کتێبی دیالکتیکی ڕۆشنگەری- تیۆدور ئادۆرنۆ-1383- چاپەمەنی گام نو. کە موراد فەرهادپور/ئومید مێهرگان وەریانگێڕاوە، وەرگیراوە.**

**** ئەم ئامارەم لە سایتی VOA دەنگی ئەمریکا بە فارسی وەرگرتووە.**

## نووسەر و وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی بۆ (رووداو):

# لە سەرەتای لاویمەوە لەناو زەلکاودا بە دوای مرواریی ونبوودا گەڕاوم



**نووسەر و وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی، (ئازاد عەبدول محەممەد بەرزنجی) لەدایکبووی شاری سلێمانییە. بە زمانەکانی (ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی و کوردی) دەئاخڤێت و دەنووسێت و وەردەگێڕێت. خاوەنی پتر لە 50 کتێبە لە بوارەکانی: فەلسەفە، فیکر، ئەدەب، باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی. بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە وەرگێڕانن لە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبییەوە و بەشێکیشیان خۆی نووسیونی. لە چەندین گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بەڕێوەبەری نووسین یا ئەندامی دەستەی نووسین بووە. لە دامەزرێنەرانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بووە و ئەندامی ئەنجوومەنی ئەو دەزگایە و سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە کتێبەکانی سەردەم بووە. لە دوای کۆچی دوایی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس بە سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم هەڵبژێردراوە و تا ئێستاش سەرۆکی ئەو دەزگایەیە.**

**ئازاد بەرزنجی کە لەناو وەرگێڕە کوردەکاندا لە هەرە ناسراوترینیانە، لەم هەڤپەیڤینەدا باسی کارەکانی دەکات.**

**لیزا محەممەد- سلێمانی**

**رووداو: تۆ کە ئەزموونێکی باشت لەگەڵ وەرگێڕان هەیە، پێتوایە بایەخی دەقی وەرگێڕدراو لای خوێنەری کورد لەهەمان ئاستی دەقی خۆماڵیدایە؟ هێندەی خوێنەری دەقی وەرگێڕدراو هەیە، هێندە بۆ دەقی خۆماڵی هەیە؟**

**ئازاد بەرزنجی:** بە بڕوای من سەرباری ئەو دۆخە شپرزەیەی کە بە گشتی باڵی بەسەر نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا کێشاوە و لە هەموو بوارەکاندا باش و خراپ تێکەڵ بووە و هێشتا هۆشیارییەکی ئەدەبی و هونەریی بەرز لەناو خوێنەراندا نییە بۆ هەڵسەنگاندنێکی دروستی کاری ئەدەبی و هونەری، بەڵام خوێنەرانێک هەن کە کاری داهێنانە و جوان لە کاری بێئاست و بازاڕی جیادەکەنەوە. مەسەلەکە پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئەو کارەی خوێنەری جددی لە دەور کۆدەبێتەوە دەقێکی کوردییە یان وەرگێڕانە، بەڵکو من پێموایە ئەوە زیندوویی ئەو دەقەیە کە خۆی دەسەپێنێ، تەنانەت گەر لە ڕۆژگاری خۆیشیدا نەبێت، دواتر هەر خۆی دەسەپێنێ. ڕاستە ئەمڕۆ پێودانگێک نییە بۆ هەڵسەنگاندنی زانستییانە و هونەرییانەی کارێکی داهێنراو، جا چ لە بواری نووسیندا بێت یان وەرگێڕان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە هەستێکی ئێستاتیکییانە لای بژاردەیەک لە خوێنەران هەیە بۆ جیاکردنەوەی دەقە زیندووەکان لە دەقە مردووەکان، یان دەقە ڕەسەنەکان لە دەقە ناڕەسەنەکان. ڕەنگە ئێستا پێوەرێکی باش لەئارادا نەبێت بۆ نرخاندنی کاری وەرگێڕدراو، هەڵبەت مەبەستم لەو کارانەیە کە بە مانای وشە دەچنە خانەی داهێنانەوە، یان ڕەنگە تێڕوانینێک هەبێت بۆ کەم تەماشاکردنی وەرگێڕ بە بەراورد لەگەڵ نووسەردا، بەڵام هێشتا هەندێ دەقی وەرگێڕدراو هەن کە سنووری دەقی نووسراو تێدەپەڕێنن و ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. خۆ دەبێ بپرسین بۆ؟ بۆچی ئەو ژمارە زۆرە لە دەوری دەقێک کۆدەبنەوە کە لە زمانێکی ترەوە کراوە بە کوردی، بەڵام بە دەوری دەیان دەقی تردا کۆنابنەوە (هەندێ دەقی کەمی لێ دەربچێت) کە نووسەرەکانیان کوردن؟ دیارە ئەمە پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە؛ هەر لە لایەنی ئیبداعیی کارەکە تا ئەو مەسەلانەی کە دەقەکە دەیانخاتە ڕوو، تا مەسەلەی زمان و هەروەها متمانەکردن بەو وەرگێڕە و کۆمەڵێک هۆکاری تریش.

بۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەو دەقە چیمان پێ دەبەخشێت؟ چ پرسیارێکمان لا دروست دەکات؟ چیمان لا دەوروژێنێ و تێڕوانینمان چۆن بۆ دنیا و واقیعی خۆمان دەگۆڕێت؟ من نایشارمەوە هەر لە سەرەتای لاوێتیمەوە هێندەی دەقە جیهانییەکان ڕۆشنبیری منیان پێکهێناوە و چێژم لێیان بینیوە و جیهانبینیی منیان گۆڕیوە، کەم دەقی کوردی هەبووە ئەوانەم پێ ببەخشێ. هەڵبەتە هەمیشە خۆزیاشم خواستووە کە ئێمەی کورد دەقی باڵای لە چەشنی ئەو دەقانەمان هەبێت؛ دەقی وەها کە بتوانێ لە ئاستی پرسیار و کێشە و مەسەلەکانی ئێستاماندا بێت. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەقی باشمان نییە، بەڵام دەشێ ئەو دەقانە، هەم لەڕووی چلۆنایەتی و هەم لەڕووی چەندایەتیشەوە لە ئاستی خەونماندا نەبن.

**رووداو: هیچکات هەوڵتانداوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک یان کۆمەڵەیەک بە هاوکاریی خەڵکی زمانەوان تا لەڕێیەوە کار بکرێت لەسەر داتاشینی وشە و زیادکردنی بۆ ناو فەرهەنگی کوردی؟**

**ئازاد بەرزنجی:** من زۆر کەم خۆم لە قەرەی کاری بەکۆمەڵ داوە، چونکە بە بڕوای من کاری ئەدەبی و داهێنان بەشێوەیەکی دەستەجەمعی ناکرێ، بۆیە ئەمە لە ژیان و کارەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام کارێکی لەم چەشنە پێویستی بە دەزگایەک و کۆمەڵێک زمانەوان هەیە کە بە مانای وشە زمانەوان و زمانزان بن و کار بۆ دانان و داتاشین و ڕێکخستنی زاراوە بکەن لە هەموو بوارەکاندا. کاتی خۆی لە بەغدا کۆڕی زانیاریی کورد هەبوو کارێکی لەمجۆرەیان کرد، بەڵام بەداخەوە کارەکەی ئەوانیش هەم کامڵ نەبوو، هەم بەردەوام نەبوو، گەرچی بۆ ئەو سەردەمە گرنگیی زۆری هەبوو. ئێستا جۆرێک لە بێسەروبەری لەئارادایە. بەبێ هیچ پێودانگ و لێپرسینەوەیەک هەر کەس هەڵدەستێ دەست دەداتە نووسین و وەرگێڕان و سەروسەکوت شکاندنی زمانی کوردی، وەکو گوتم دەزگا میدیاییەکانیش لەم ڕووەوە درێغییان نەکردووە و ڕۆژانە دەیان وشەی سەقەت بە ڕووی بینەرەکانیاندا دەدەنەوە و وای لێ هاتووە ئەو وشە سەقەتانە بوون بە دیفاکتۆ و وشە ڕاستەکانیش سەریان چووە بە قوڕدا.

**رووداو: تۆ کاری وەرگێڕانت هەیە لە بوارەکانی فیکر، ئەدەب و شانۆ و لێکۆڵینەوە، ئەم دەستبردنە بۆ هەر بابەتێک پەرتەوازەیی دروست ناکات؟ مەبەستم وەرگێڕ وەک پزیشک پێویستە تایبەتمەندی وەربگرێت لە بوارێکدا..**

**ئازاد بەرزنجی:** کارکردن لە زیاتر لە بوارێکدا پەیوەندی بە پێشزەمینە و ئاستی ڕۆشنبیریی نووسەر و وەرگێڕەوە هەیە. کەسانێک هەن لە چەند بوارێکدا توانایان هەیە و دەتوانن لە هەموو ئەو بوارانەدا کاری جوانمان پێشکەش بکەن. گرنگ ئاستی ئەو بەرهەمانەیە کە پێشکەشی دەکەن. هیچ ڕێسایەکیش نییە ئەوە بسەپێنێ کە دەبێ نووسەر یان وەرگێڕ لە تاقە بوارێکدا کار بکات. لە مێژووی ئەدەب و هزر و هونەردا سەدان نموونەی زیندوو هەن کە لە پتر لە بوارێکدا کاریان کردووە و تێشیاندا سەرکەوتوو بوون. وەکچۆن سەدان نموونە هەن هەم ڕۆماننووس بوون و هەم شاعیر بوون و هەم نووسینی ڕەخنەییان هەبووە و سینەماکار بوون و شانۆنووس بوون و هتد، بە هەمان شێوە وەرگێڕیش هەیە توانای ئەوەی هەیە لە زیاتر لە بوارێکدا کار بکات. بۆ کەس نییە بە نووسەرێک یان وەرگێڕێک بڵێت تۆ نابێ لەو بوارانەدا کار بکەیت و دەبێ تەنها لە یەک بواردا کار بکەیت. بەڵام ئەگەر ڕەخنەگرێکی شارەزا بێت، ئەوا کە سەرنجێکی هەبوو لەسەر کارێک لەو کارانە، دەتوانێ لەسەری بنووسێت. دواجار ئاستی بەرهەمەکە خۆی سەنگی مەحەکە. من خۆم تەنها لە زانستە سروشتی و زانستە وردەکاندا نەبێت، باوەڕم بە پسپۆڕێتی نییە. بێگومان کە نووسەر یان وەرگێڕیش ئەم ڕاستییەی زانی، خۆی لە قەرەی ئەو بوارانە نادات. بۆ نموونە من خۆم لە قەرەی وەرگێڕانی کتێبێکی کیمیا یان فیزیک نادەم، چونکە ئەمانە پێویستییان بە کەسی پسپۆڕە لەو بوارەدا، بەڵام بەلای منەوە دونیای ئەدەب چەندان ژانر دەگرێتە خۆی، کە دواجار هەر ئەدەبن و دەشێ ئەو وەرگێڕە شارەزایی هەبێت تێیاندا، بۆیە ئاساییە هەم چیرۆک و هەم ڕۆمان و هەم شانۆنامە و هەم نووسینی ڕەخنەیی و هەم شیعر و هتد وەربگێڕێت. گرنگ ئەوەیە تا چەند دەتوانێ ئەو کارانە "دابهێنێتەوە". بەڵام بێگومان وەرگێڕ لەو بوارانەدا زیاتر کار دەکات کە هەم لە دونیاکەیەوە نزیکن و هەم ئەو بوارانەش لە یەکەوە نزیکن.

**رووداو: زۆر جار دەگوترێ وەرگێڕ پێویستە نووسەریش بێت لەهەمان کاتدا، تۆ کە زیاتر بەهۆی کاری وەرگێڕانەوە ناسراوی، ئەمە چۆن دەبینی؟**

**ئازاد بەرزنجی:** ئەوەی کە پێویستە وەرگێڕ نووسەریش بێت، بەو مانایەی کە دەبێ شارەزای کار و هونەرەکانی نووسین بێت و هەڵبەتە پێویستە بتوانێ بنووسێت، ئیتر مەرج نییە هەموو وەرگێڕێک وەکچۆن لە وەرگێڕاندا سەرکەوتوو بووە، لە دنیای نووسینیشدا وا سەرکەوتوو بێت، هەروەها بەپێچەوانەشەوە، مەرج نییە نووسەرێکی سەرکەوتوو بتوانێ ببێتە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو. بە هەرحاڵ ئەمە شتێکە ڕەخنەگران و خوێنەران بڕیاری لەسەر دەدەن. ڕاستە من بەرهەمەکانم لە وەرگێڕاندا زۆر زیاترن وەک لە نووسیندا، بەڵام ڕەنگە ئەمەش هۆکاری خۆی هەبێت. من هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی زۆرم بە وەرگێڕان داوە و کاتی زیاترم بۆ تەرخان کردووە و عیشقێکم بۆی هەبووە. وەختێکیش بە عیشقەوە ئەوەم کردووە، بیرم لەوە نەکردووەتەوە ناوی پێ پەیدا بکەم، چونکە گەر مەبەستم لە ناوپەیداکردن بووایە، زۆر بواری تر هەبوون کە بە ئاسانی دەمتوانی تێیاندا کار بکەم و زۆر بەناوبانگیش بم و دەسکەوتی زۆریشم هەبێت. لەم ڕۆژەدا چی ئاسانە، ناوبانگ پەیداکردن. هێندە بەسە کەمێک لەبلەبان بێت و دیماگۆگی و فریودەر بیت، ئیتر نەخوێندەواریش بیت قەیناکا، تا بە پلە و پایە و ناوبانگ بگەیت. من هەرگیز هەڵوەدای ئەمجۆرە لە ناوبانگ نەبووم و نابم، چونکە هەست دەکەم بوونی ڕەسەنی خۆمی تێدا ون دەکەم. من لە سەرەتای لاویمەوە پەیجۆری دوای داهێنان و جوانیی ڕاستەقینە بووم و لەناو زەلکاودا بە دوای مرواریی ونبوودا گەڕاوم. نازانم ئەگەر ئەو هەموو ساڵانەی تەمەنی خۆم بە وەرگێڕان نەدایە، ئێستا چۆن دەبووم. لەوانە بوو بۆ بوارێکی تر تەرخانم بکردایە لەو بوارانەی کە بەشێکی تری خۆمیان تێدا دەبینمەوە. ئیتر ئێستا ناوم دەبوو یان نا ئەوە مەسەلەیەک نەبووە لەلام. جارێکیان لە چیرۆکنووسی سووری "زەکەریا تامر"یان پرسی: ئەگەرچی چیرۆکنووسێکی زۆر بەتوانایە کەچی لای عەرەب ئەو ناوبانگەی نییە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ژنە سەماکاری عەرەبی وا هەیە لە گەورەترین نووسەرەکانی عەرەب بەناوبانگترە. ئێمەش ئێستا لەناو کورددا لەمجۆرە کەسە بەناوبانگانەمان زۆرە.

**رووداو: لەکاتی وەرگێڕان لەنێوان دوو زماندا چ شتێک زۆر گرنگە؟**

**ئازاد بەرزنجی:** لە کاتی وەرگێڕاندا کۆمەڵێک شت ڕوودەدەن کە زەحمەتە بتوانین بە وردی دەستنیشانیان بکەین، بەڵام بەگشتی دەتوانم

> **وەرگێڕ ناتوانێ لەو دەقە دەربچێت کە لەبەردەستیدایە و مەحکوومە بەوەی لەو چوارچێوەیەدا داهێنان بکات**

بڵێم وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی جیاوازە لە وەرگێڕانی دەقێکی فیکری یان فەلسەفی. لە دەقێکی ئەدەبیدا، بۆ نموونە ڕۆمانێک، وەرگێڕ وەکو ئەکتەرێکی لێهاتوو و لێزان دەبێ بچێتە دۆخی نووسەرەکەوە و ئەوەی ئەو بە زمانە بیانییەکە نووسیویەتی، ئەم بە زمانی دایک دووبارە بینووسێتەوە و بەرهەمی بێنێتەوە. دەبێ لە چوارچێوەی ئەو دەقەی وا لەبەردەستیدایە، لە داڕشتنەوە و نووسینەوەی لە زمانی ئامانجدا داهێنان بکات. لە پرۆسەی نووسیندا هیچ بەربەست و سنوور و چوارچێوەیەک لەبەردەم نووسەردا نییە و دەستی واڵایە و ئازادە، بەڵام لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕ ناتوانێ لەو دەقە دەربچێت کە لەبەردەستیدایە. ئەو مەحکوومە بەوەی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا داهێنان بکات. بۆیە لەم ڕووەوە ئەرکی وەرگێڕ دژوارترە لە ئەرکی نووسەر.

دەمێنێتەوە ئەوەی بڵێین ئەوەی گرنگە لە وەرگێڕاندا ئەوەیە کە ئاخۆ دەقە وەرگێڕدراوەکە بووەتەوە بە دەقێکی ئیبداعی؟ ئاخۆ وەختێ خوێنەر مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەست دەکات لەبەردەم دەقێکی نامۆدایە، یان وا هەست دەکات دەقێکە هۆگری دەبێت و ئاشنایە پێی. ئەم هەستە بۆ خوێنەر لە ئاست دەقێکی وەرگێڕدراودا زۆر گرنگە. وەرگێڕ دەبێ لە زەین و خەیاڵدانی خۆیدا ئەو دەقە ئەسڵە هەڵبوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ لە زمانی ئامانجدا بیخولقێنێتەوە. لەم پرۆسەیەشدا گەلێ شت ڕوودەدەن کە وردەکارییان زۆرە و لێرەدا جێی لێدوانیان نابێتەوە.

**رووداو: تۆ کاتێک دەقێک لە زمانێکەوە وەردەگێڕیتە سەر زمانی کوردی ، ئەو دەقە بەراورد دەکەی بە هەمان دەق لە زمانێکی دیکە، لەم بەراوردکارییەدا بەدوای چیدا دەگەڕێی و چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر کارەکەت؟**

**ئازاد بەرزنجی:** من کاتێک دەقێک وەردەگێڕم، ئەگەر دەقە ئەسڵییەکەم بە زمانی خۆی لەبەردەستدا بێت، ئەوا یەکسەر لەو زمانەوە وەریدەگێڕمە سەر زمانی کوردی، گەر نا، پتر لە دەقێک پەیدا دەکەم و بەیەک بەراوردیان دەکەمەوە، ئەمەش هەم لەڕووی ئەمانەتی ئەدەبییەوە و هەم لەو ڕووەشەوە کە مامەڵەکردنم لەگەڵ زمانێک زیاتری دەقەکەدا، پتر ئاسۆی زمان و گوزارشت و داڕشتنم لەبەردەمدا واڵا دەکات. هەروەها بۆ هەندێ دەقی ئاڵۆز، بوونی دەقەکان بە زمانی جیاواز، کاری پەیبردن بە نهێنییەکانی ئەو دەقەم بۆ فەراهەمتر دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی دەقێک بە چەند زمانێک لەبەردەستی وەرگێڕدا، کارەکەی پوختتر و دەوڵەمەندتر دەکات. من خۆم هەست دەکەم ئەم کارە دەبێتە مایەی زمانپاراویی زیاتر بۆ وەرگێڕ و فەرهەنگی وشەی زەنگینتر دەبێت و ئاستەکانی دەربڕینی فرەچەشنتر دەبێت. بەشبەحاڵی خۆم سوودێکی زۆرم لەم بەراوردکارییانە بینیوە، گەرچی ئەرکەکەی قورستر کردووم، لێ هەست دەکەم ئەزموونی دەوڵەمەندتر کردووم.

**رووداو: ڕۆمانی (چاوەکانی-بوزورگ عەلەوی) کە ساڵی 1997 وەرتانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە پاش 11 چاپ، گەر ئێستا ئەو ڕۆمانە وەربگێڕنەوە بەهەمان شێوە دەیکەن؟ کاتی وەرگێڕان و تەمەنی وەرگێڕ کاریگەرییان دەبێت لەسەر کاری وەرگێڕان؟**

**ئازاد بەرزنجی:** من لە ساڵی 1990 ئەو ڕۆمانەم کردووە بە کوردی، واتە ساڵێک بەر لە ڕاپەڕین، بەڵام لەبەر دۆخی ناهەمواری ئەوسای دوای ڕاپەڕین و نەبوونی کۆمپیوتەر و کزی و بێبرەویی ئەدەب و ڕۆشنبیری، چاپەکەی کەوتە ساڵی 1997. هەروەها ساڵی پار، واتە ساڵی 2018 لەلایەن ناوەندی ئەندێشەوە چاپی سیانزدەهەم (نەک یانزدەهەم)ی ئەم ڕۆمانە کراوەتەوە. ئەو ڕۆژگارەی سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە بووم، تابڵێی ڕۆژگارێکی سەخت بوو. ئەوکات من سەربازی هەڵاتوو بووم و لە ماڵەوە خۆم شاردبووەوە و ناوبەناویش کە دەنگۆی هەڵمەتی ڕەشبگیری و قەدەغەی هاتوچۆ دەبوو، دەچووم لە ژێرزەمینی ماڵی خزمێکماندا دەمامەوە و خەریکی وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە دەبووم. ئەو ڕۆژگارە من سەرەتاکانی لاویم بوو، بەو چەشنە ڕۆژانی لاوێتیم دەگوزەراند، بەڵام پڕ لە عیشق و خۆشەویستییش بووم بۆ ژیان و بۆ ئەدەب و داهێنان. ئەو ڕۆژانە وێڕای ئەو ترسەی جەنگی لە ڕۆحمان گیرکردبوو، ترسی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەددام و بەعس و مێردەزمەی جەنگ و گوزەرانی سەختمان، بە ئەڵهاوە لەگەڵ ڕووداو و کاراکتەرەکانی ئەو ڕۆمانەدا دەژیام کە لە هەندێ ڕووەوە دەشوبهایە سەر ڕۆژگاری ئەودەمەمان. ئەوکات بەو شێوەیە و بەو زمانە ئەو ڕۆمانەم وەرگێڕاوە کە ئێستاش وەکو خۆی ماوە. پرسیاری ئەوەی ئاخۆ ئەگەر ئێستا سەرلەنوێ وەریبگێڕمەوە چۆنی دەکەم، نازانم.

> **زانینی زمانی دایک بۆ وەرگێڕ زۆر گرنگترە**

چونکە هەر دەقێک، نەک گەر لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە تەرجەمە بکرێ، وەرگێڕانەکان جیاواز دەبن، بگرە تەنانەت گەر لەلایەن هەمان وەرگێڕیشەوە لە دوو زەمەنی جیاوازدا بکرێ، هەر لە هەندێ ڕووەوە جیاواز دەبن. من جاری وا بووە دەقێکم وەرگێڕاوە، پاش ساڵێک هەمان دەقم وەرگێڕاوەتەوە، تەماشام کردووە لە هەندێ شتدا لە یەک جیاواز بوون. ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە وەرگێڕانێکیان باش بووە و ئەوی تر خراپ، نەخێر، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە وەرگێڕانیش وەکو داهێنان، کۆمەڵێک هەلومەرجی خۆی هەیە و لە هەموو کاتێکدا ئەو هەلومەرجانە هەڵناکەون و چوونیەک نین. بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی تەمەن، من پێموایە ئەدیب و نووسەر لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ئەزموونیان قووڵتر دەبێتەوە، یان هیچ نەبێت دەبێ وابێت، گەرچی لای ئێمەی کورد (هەندێکی لێ دەربکەیت) زۆربەی کات ئەم هاوکێشەیە بەپێچەوانەوەیە، واتە لەبری ئەوەی ئەزموونی ئەو ئەدیبە قووڵتر بێتەوە، کاڵتر دەبێتەوە. دەنا لەگەڵ تەمەندا ئەزموونەکان کەڵەکە دەبن و ئەو کەسە دەبێ لە بوارەکەی خۆیدا قاڵتر (نەک کاڵتر) بێتەوە.

**رووداو: لێرە و لەوێ چەند هەوڵێکی تاکەکەسی هەن بۆ ناساندنی کاری نووسەرانی کورد بە خوێنەری بێگانە، یەکێک لەو هەوڵانە تۆیت . تا چەند بە گرنگی دەزانیت وەرگێڕەکانمان هێندەی گرنگی بە وەرگێڕان دەدەن لە زمانی بێگانە بۆ زمانی دایک ، هێندەش گرنگی بدەن بە وەرگێڕانی زمانی دایک بۆ زمانەکانی تر؟**

**ئازاد بەرزنجی:** وەرگێڕانی پێچەوانە، واتە وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر، تا بڵێی کارێکی پێویست و گرنگە، بەڵام بەداخەوە جگە لە هەندێ هەوڵی تاکەکەسی، بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی نەتەوەییە و بە پلەی یەکەم ئەرکی حکوومەتە ئەمە بکات بە پرۆژە و دەزگا و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکات. بەڵام ئەم بوارەش وەکو تەواوی بوارە ڕۆشنبیرییەکانی تر، لەلایەن حکوومەتەوە ئەفەرۆز کراوە و ئەوەی جێی بایەخی نەبێت ئەم پرۆژە ڕۆشنبیرییانەیە. بۆیە لە هەوڵی تاکەکەسیدا قەتیس بووە و ئەو کەسانەش کە لە عۆدەی ئەم کارە بێن ژمارەیان زۆر نییە. من لەم ڕووەوە کارێکی زۆرم نەکردووە، سێ کتێبی شاعیر شێرکۆ بێکەس (مجيق الفراشات، سفر الروائح، انبهارات) و دوو کتێبی شاعیر دلاوەر قەرەداغی (عار تماما كالماء، البرد و الحجر) و هەڵبژاردەیەک لە چیرۆک و شیعری کوردیم کردووە بە عەرەبی، لە کاتێکدا پێویستە بەرنامەیەک هەبێت بۆ وەرگێڕانی دەیان کتێبی کوردی بۆ سەر زمانە بیانییەکان و وەکو گوتم دەزگا و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ. لە دنیادا دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و پرۆژە کولتوورییەکان پشتیوانی گەورەی حکوومەتەکانیان لە پشتەوەیە، تەنها لە کوردستان نەبێت، چونکە ئەوەی لێرە بەهای نەبێت، ڕۆشنبیری و داهێنانە.

**رووداو: دەکرێت پشت بە کاری وەرگێڕانی کتێب ببەسترێ وەک سەرچاوەیەک بۆ بژێوی؟**

**ئازاد بەرزنجی:** لە کوردستاندا زۆر زەحمەتە نووسەر و وەرگێڕ بۆ ژیان و گوزەرانیان پشت بە چاپکردنی کتێبەکانیان ببەستن. لە دۆخێکی وەکو ئەمڕۆدا و لە کۆمەڵگایەکی (ناکتێبی)ی وەکو کۆمەڵگای کوردیدا، کە کتێب خوێندنەوە نەبووەتە کولتوور و کتێب وەکو کەمالیاتێک سەیر دەکرێ نەک وەک پێداویستییەکی ڕۆحی و فیکری و مەعنەوی و هەموو شتەکان بە ئاڕاستەی بێبەهاکردنی مەعریفە و داهێنان و ئەدەب کاردەکەن، مەحاڵە ئەدیب بتوانێ لەسەر فرۆشتنی کتێبەکانی بژی و بژێویی خۆی پێ دابین بکات.

# دایکەکەی دایکم

**رەسووڵ سوڵتانی**





ئارام پێڵووی چاوی لێکنا. لێوی ئەو وەک کۆترێک نەرم لەسەر پشتی چاوی نیشتەوە. کە چاوی هەڵێنانەوە، گەش گەش، دەبریسکانەوە. ئەو ترسەی لە کاتی وەژوورکەوتنیدا لە نیگایدا دەتگوت چۆلەکەیەکی رێ لێ ونبوونی نێو ژوورێکە و پەیتاپەیتا خۆی بە پەنجەرەکاندا دەکێشێ، ئیتر هێور ببووەوە. هێور... لەسەرخۆ، نەرمە بزەیەکی نیشتە سەر لێوی و نەیزانی بۆچی سەبرێ گوتی سوپاس.

خۆش بوو. دەتگوت خەونە... خەون بوو، وەک ژیان، نەخێر، راستی بوو وەک ژیان. چاوێکی بە بەرگی گۆڤارەکەدا خشاندەوە و گوتی: خۆزگە...

خۆزگە چی... هەر ئەوەندەی گوت و سەرنجی چووە سەر ناوی ئوستاد. تەزوویەک بە هەموو گیانیدا گەڕا. رەنگی لێوی گۆڕا و زەردەخەنەکە وەک گەڵایەکی بە کزەی پاییز لە دار بووبێتەوە، ئاوا دەمودەست ژاکا و هەڵوەری. یەکسەر چووە سەر لاپەڕەی چیرۆکەکان.

دایکەکەی دایکم

نووسینی...

یەکەم جار لە باوکمم بیست. منداڵ بووم کە زۆر جار پێمی دەگوت دایکەکەم، یان دایکەکەی دایکم. ئەو هەتیمەیش کە لە تەکما قسەی دەکرد، زۆر جاران دەینووسی، دایکەکەی دایکم.

یەکەم جار کە پێتگوتم دایکەکەی دایکم، هەستێکی زۆر شیرین هەموو گیانمی داگرت و رۆحم تژی بوو لە خۆشەویستییەکی بێخەوش.

یانی چۆن؟ بێخەوش چۆنە؟

نازانم چۆن بێژم پێت، ئاخر جۆرێک خۆشەویستی هەیە، وشە دەرەقەتی نایەت. مەگەر ماچێک تەفسیری بکات.

ماچ، ماچ ئەو هەمووە مانایەی تێدایە. هەر جارە و مانایەکی سەیر. دەکرێ ماچ مانای دەستدرێژییشی تێدا بێت.

ئوستاد گوتی بۆ وا خۆت رادەپسکێنی؟ من سینگم دەتگوت باڵندەیەکی نێو قەفەزە و پشیلەیەک بەردەوام خۆ بە قەفەزەکەیدا دەکێشێ، ئەویش سوور هەڵگەڕابوو، بۆنی ئارەق، نازانم جگەرە، یان هەر بڵێم بۆنی دەستدرێژی... هانکەهانکی بوو. دەیگوت ئاشقتم، بۆ پەلەتە... دەی خۆ ماچێکم کردوویت. من ماچم نەکرد، ئەو کە دەمی هێنا، خۆیشمم کشاندەوە بەڵام ... ئیتر کە هێڵنجم دا، تێگەیشت، نا تێنەگەیشت، ویستی بیکاتە باسێکی فەلسەفی، گوتم واتای سەیروسەمەرەی بۆ مەدۆزەرەوە. من رقمە لە ماچ. دەی خۆ رقم نییە لێی، ماچ زۆر خۆشە، بەڵام ماچی ئەو... گەش بووەوە، ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوە، دڵۆپ دڵۆپ بارانی بەهاری لە شووشەکەی دەدا. ئا، ماچ زۆر جار گەلێ خۆشە. وەک ماچەکەی بەردەم باخی گشتی، ئەوێ بوو؟ نا، سەهۆڵەکە بوو... دەڵێی پیر بوومە، بۆچی لێم شێواگە؟ ئا، هەر بەردەم باخی گشتی بوو. ئەمجارەیش، ئەمجارەیش تایبەت بوو. لەبەر دەرگا، نا لە پێشدا لەبەردەم کتێبەکانی. من ویستم بزانم کتێبەکان چین؟ ناوی هەموو کتێبەکان بوون بە ماچ. ئەو هەمووە کتێبە لەسەر ماچ؟ کتێبخانەیەک لەبارەی ماچەوە؟ چەندە خۆش بوو، پێش ئەوەی لە دەرگای ژوورێیش بچینە دەرێ، یەکترمان ماچباران کرد. زیاتر لە خەونێک دەچوو. وەک ژیان.

نەنەم هەمیشە ئێژێ دنیا خەون و خەیاڵێکە. ژیان خەونێکە.

چاوی چووەوە سەر چیرۆکەکە. دەیخوێنمەوە. بزانم ئەو دایکەکەی دایکمە رێک وەک ئەویتریانە یان نا؟

چیرۆکنووسەکە، ردێنی پاک پاک تاشیوە و تەنیا سەر چەناگەی هێشتووەتەوە. تاڵ تاڵ مووی رەشی تێدا ماوە و ئەویدیکەی سپی بووە. رواڵەتێکی ئارام و لەسەرخۆ، بێ هەڵپە، وەک هێندێ لەو کەسایەتییانەی لە چیرۆک و رۆمانەکانیدا هەن. دووراودوور جوانتر بوو. لە وێنەیەکیدا پاڵی بە پیرەدارێکەوە داوە و خەیاڵی دوور دوور فڕیون. کراسێکی شینی تۆخ، خەتی سپیی پێدا هاتووە و قژی سەری بە دەم باوە شەکاوەتەوە. هەستم دەکرد، خەریکە پاڵەوانی یەکێک لە چیرۆکەکانی دەدوێنێ، یان بە دەم خەمی یەکێکیانەوە دەتلێتەوە و لە ناخەوە دەکوڵێ. یان لەوانەیشە یەکێکیانی بانگ کردبێتە ماڵەکەی خۆی و گوتبێتی وەرە فێری چیرۆکنووسینت بکەم و وردە وردە لێی نزیک بووبێتەوە و دەستێکی خستبێتە سەرشانی و... ئا، وەک ئەو رۆژەی کە منی دەعوەت کردە ماڵ خۆیان و پێشمی نەگوت تەنیام.

واز بێنە. فەزای چیرۆکەکانی دەناسم. تەواو شارەزای تەکنیک و فۆرم و زمانەکەیم. چ پێویست دەکا خۆمی پێوە ماندوو بکەم. خۆی لە چیرۆکەکە دزییەوە و گۆڤارەکەی لە تەنیشت خۆی دانا. وەک جڵەوی دەستی بەدەست خۆی نەبێ، دەستی بۆ مۆبایلەکەی برد بزانێ پەیامی تازەی بۆ هاتووە یان نا، کەچی دەستی دایەوە گۆڤارەکە و چاوی چووەوە سەر دایکەکەی دایکم. ئەو دەستەواژەیە بۆچی رایچڵەکاندم؟ بۆ وا ختووکەی دام؟ شتێکی بەڕێکەوت بوو؟ یان هەر ئەم قسەیە خووی رۆژانەیەتی و بە هەموو ژنێکی دەڵێ؟ خۆزگە جارێک لە نزیکەوە گوێم لێ بگرتایە. ئاخر چۆن بزانم هەر بە منی گوتووە یان بە خەڵکی دیکەیش دەڵێ دایکەکەی دایکم؟ نازانم... ئێستایش کە نامە دەنێرێ هەر وا دەنووسێت...

دایکەکەی دایکم، باشی؟

ئەوە بۆ وا بێخەبەری دایکەکەی دایکم؟

ئەی بڵێی ئەم چیرۆکە بە رێکەوت ئەو ناوەی بۆ دانرابێت؟ نەکا ئوستاد سۆسەی ئەو هەستەی دڵمی کردبێت و ویستبێتی توانجێکم تێ بگرێ. تۆ بڵێی؟ جا چووزانێ؟ با بیخوێنمەوە بزانم باسی چی دەکات خۆ نامخوا. چیرۆکێکە و دەیخوێنمەوە بە ریشی باوکی چیرۆکنووسەوە.

ئەی؟ ئەوە منم قسەی وا دەکەم؟ ریشی باوکی چیرۆکنووس... لەبەر خۆیەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ. گوێی لە دەنگی چیرۆکنووس بوو. بە زەردەخەنەیەکەوە کە کەلێنی دوو ددانەکەی پێشەوەی جوان دەرخستبوو، گوتی: ئەم کاتەت باش خانمە نووسەرە جوانەکەی خۆمان؟

سلاّم ئوستاد، تۆ باشیت؟

تا ئێوە هەبن، من هەر دەبێ باش بم.

هەتا ئێمە یانی کێ و کێ؟ مەبەستی هەموومانە، هەموو ئەوانەی قوتابیی ئەوین؟

سۆما گوتبووی، گێلە ئەوە هەستی پێ ناکەی ئوستاد کە تۆ دەبینێ چۆن زمانی تەتەڵە دەکات و ئاگای لە تیۆرییەکانی دەبڕێت؟

دە قسەی بێتام مەکە، ئوستاد لە جێی باوکمە.

پەکوو گێلی، جا پیاو ئەو شتانە دەزانن؟

سوپاس ئوستاد. تا ئێوەیش هەبن ئێمە باشین.

ئەی ئەوە کەی سەرێکمان لێ دەدەیت؟ دە وەرە رۆژێک دادەنیشین لە ماڵی خۆمان باسی چیرۆک و ئەدەبیات دەکەین و کتێبخانەکەیشم ببینە. کتێبی باشی تێدایە بە دڵی تۆ...

ئیشەڵا دێمە خزمەتتان.

دەی ئەم ئێوارەیە وەرە.

با بزانم چۆن دەبێ. ئەگەر بتوانم، پێم خۆشە.

ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی، تەنیا بیرم لە قسەکەی سۆما کردبایەوە، نەدەچووم. تواشا من چەندە سادەم. نەنەم هەموو جار ئێژێ کچم، بنیادەمەکان وەک گورگ وان، کە برسی دەبن، ئیتر تەنیا بیر لە تێربوون دەکەنەوە و بۆیان گرینگ نییە نێچیرەکەیان کێیە. دەیگوت، پیاگ کە هەوەسی ئەبزوێ ئیتر لە گورگیش خراپترە. هەر نەبێ ئەیخەنە قەڵشتی ...

زەردەیەکی هاتێ و گوتی نەنەم کە باسی ئەو شتانە ئەکات، هەموو گیانم ئەنیشێتە سەر ئارەق. نەنەم ئێژێ، پیاگ تا دەستیان بە ژنێ رائەگات، بەس پێیدا هەڵدەڵێن و گەورەی ئەکەنەوە، بۆ ئەوەی دڵی بە دەست بێنن و بتوانن شتێکی لێ هەڵکڕێنن. تۆ بڵێی نەنەم چەند جاران ئاوا خەڵەتێنرابێ؟ باپیرەم تا خواستوویەتی بڵێی چەی پێ کردبێ؟

تۆ سەیری ئەو قسەکردنەی من بکە، نیوە سنەیی و نیوە موکریانی... قەینا دەی خۆم بوومەتە کوردیزانێکی باش لەو نێوەدا. بەڵام نەنەم موکریانیی نەدەزانی، کەچی قسەکردنەکەی تا بڵێی خەستوخۆڵ و خۆش و زمانی پاراوە، کە قسە دەکا، جاری وایە ژینای خوشکم هەر دەڵێ نەنێ، ئەرێ تۆ بۆیچە ئاوها قسە ئەکەیت؟

نەنێم ئێژێ، پیاگ و ژن وەک ئاگر و پووش وان، ئەشێ سنوورێ لە نێوانیان هەبێ.

من سنوورم بۆ هەموو کەس، نا من سنوورم بۆ خۆم کێشاوە. ئیتر من چووزانم. دەمێک بوو حەزم ئەکرد بچمە ماڵیان و لە تەک شیلان خانمیشا ئاشنا بم. زۆر جاریش ئەموت باشە بۆ چە شیلان خانم ناهێنێتە هیچ کۆڕێک؟ حەزم لێ بوو بزانم ژنی نووسەرێکی گەورە لە ماڵەوە چۆن ئەژی، چۆن بیر دەکاتەوە. ئیتر ئاوا چووم. دەزانی چییە؟ من زۆر سادە بووم. خۆ ئەو نەیوت تەنیام، ئەگینا سەد هێندەیش لای من رێزی هەبوایە نەدەچووم.

گوتی وەرە ئەمشەو دەعوەتی ماڵی ئێمەی. ئیتر هەر لێی گەڕێ، با... با چی؟ خۆ بۆ تۆیشی نەگێڕمەوە ئەو خەیاڵە ناخۆشە وازم لێ ناهێنێ. هەر دەمەوێ خۆمی لێ بدزمەوە. کە سلاوم کرد، بێدەنگیی ماڵەکە ترسێکی خستە دڵمەوە. من گوڵێکم بە دەستەوە بوو لەگەڵ قوتوویەک شیرینی. ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە کە هیچ لە زەردەخەنەکانی پێشووی نەدەچوو، شتەکانی لێم وەرگرت. دیم تۆزێک پەشۆکاوە، هەستم کرد دەستی دەلەرزێ، دەنگیشی ئەو دەنگە نەبوو کە لە گوێما بوو. دەتگوت بە چپە قسە دەکا.

گوتی تکایە ئوستاد، تۆ لە جێی باوکمی.

ئوستاد هەژابوو. دەست و دەنگی دەلەرزین. لێویشی دەلەرینەوە. دەمی هێنا. بۆنی خەستی ئارەق و دووکەڵی جگەرە وەخت بوو بیرڕشێنێتەوە و خۆی کێشایە دواوە. هەستی کرد بورجێکی بلوورین، چیایەک لەبەرچاوی هەرەسی هێنا. وردوخاش بوو، بوو بە تۆز. چیرۆکنووس کتوپڕ لەپێش چاوی بوو بە کارتۆنێک، بە پەڕێکی سووکی دەم بایەکی رەش، بە تۆزێکی لیچق کە لەسەر شووشەی چیرۆکەکانی نیشتبێ. هەستا و گوتی: ببوورە من دەڕۆم. ئەو بەپەلەپڕووزێ و پشووسواری هەستا، لای دەرگای لێگرت، گوتی: دەی چ دەبێ، بەس ئەمشەو لام بمێنەوە. ئەم مەجالی نەدا، پێڵاوەکانی کردە پێی و وەدەرکەوت.

کە هاتە دەرێ، زۆر لە ماڵی چیرۆکنووس دوورکەوتبووەوە، بەلای هەردوو کتێبفرۆشەکەی شاردا تێپەڕی، سڵەمییەوە، هەنگاوی شل بوون، وشەی نێو کتێبەکان بوونە گورگ. سەدان رەوە گورگی برسی، چاو زەق و زار داپچڕاو بە هانکەهانک هرووژمیان بۆ هێنا. رایکرد، هەستی کرد دەماری قاچی گیراون و پێی لە دووی نایەن. بریسکەی هەورەتریشقەیەک بەرپێی رووناک کردەوە. کە سەری هەڵێنا، دوو کۆڵان لە ماڵەکەی خۆیان دوورکەوتبووەوە. هەناسەی لێ بڕابوو. نێو دەمی وشک وشک بوو. ئاوڕێکی داوە و پێیوابوو رەوە گورگی نێو کتێبەکان هەر وا سەریان لە دوو ناوە. کە هیچی لە پشتەوەی خۆی نەدی، تۆزێک هێور بووەوە. گوتی: تف لە هەرچی ئەدەب و ئەدیب و نووسەرە.

سلاو لە شاعیر دەکەیت، بۆ ئێوارێ لە مەسنجەرەوە نامەیەکت بەگژا دەکات و دەڵێ ئاشقت بووم و ئەم کۆپلە شیعرەم تایبەت بۆ تۆ نووسیوە.

دەچیتە لای نووسەر، سبەی دەبیتە پرسۆناژی، کوڕە پرسۆناژی چی، بە زمانی ئەوان قسە مەکە ئیتر، دەبیتە تەڕەماشێکی نێو چیرۆکەکەی و عوقدەی دەروونی خۆیت پێ بەتاڵ دەکاتەوە و دواجاریش دەڵێ ئاشقت بووم... تەنیا ئەو هەتیمە جوان باسی ئەشق دەکات.

ـ دایکەکەی دایکم، ئاشقبوون نیعمەتێکی گەورەیە، بەڵام ئەگەر لە کات و ساتی خۆیدا بێ.

گوتم ئەمن بێزم لە ئاشقبوون و شتی وا دەبێتەوە. ئەو دۆزەخەی تێیدام، بەرهەمی ئاشقبوونێکی گەمژانەمە.

ـ ئاخر هەموو ئەشقێک ئەشق نییە، ئەوەی بە هەرزەکاری بەسەر کوڕ و کچدا دێ، تەنیا ئیحساسە و هیچی تر.

ـ دەی خۆت نەتگوت ئەشق بە پێوەری ئەقڵ ناپێورێ؟ ئەشق هەمووی ئیحساسە.

ـ با، هەمووی ئیحساسە، بۆیە ژیانی هاوبەش دەیکوژێت.

ئینجا نووسیی:

عاقلان نقگەی پرگار وجودند ولی

عشق داند کە در این دایرە سرگردانند

نازانم، مرۆڤ بەبێ ئەشق ناژی و ئەشقیش هەڕگ ئەکا بە سەریا.

گوتی: ئەو سنەیی قسەکردنەت دەمکوژێ. دە تۆزێک ئاوەها قسە بکە، ئەو شێوەزارە نێرانەیەی لای ئێمە هەر بۆ نووسین خۆش و شیرینە، لە زمانی ژنان خۆش نییە.

گوتم: بەسە داکەوە ئیتر. هێندەیش نامە مەنێرە و باسی ئەم شتانە مەکە. حەز ناکەم وابەستەی خۆمت بکەم. من خۆم هەڕگێکم بۆخۆم گرتووەسەو، لێی دەرناچم.

نووسیی: من وابەستەی تۆ نابم نا. تەنیا دەمەوێ تۆ سەرکەوتووترین کەس بیت. دەمەوێ لە لووتکەکانی سەرکەوتندا بتبینمەوە. حەزم لێیە سەرکەوتوو بی.

خۆش بوو. قەت کەس ئاوای پێ نەگوتبووم. قسەکانی زۆر جیاواز بوون. تا ئێستایش هەر جیاوازتر لەوانە قسە دەکا. قەت شتێکی وای نەگوت لەسەر دڵم قورس بێ. ئەوە جیاواز بوو لەوانەی نەنێم باسی دەکردن؟ نازانم، بەڵام هەر نەبێ زۆر یارمەتیدەرم بوو. جاری وابوو باسی ناسکترین حاڵەتەکانی ژیانی خۆمم بۆ دەکرد، کە بۆ هیچ کەسم باس نەکردبوون. ئەو ورد گوێی لێ دەگرتم. رێگەی نیشان دەدام و هێوری دەکردمەوە. تەنانەت ئەو رۆژەیش کە لە سەهۆڵەکە دیتم، هەستێکی سەیرم هەبوو. نا سەهۆڵەکە نەبوو، بەردەم کتێبخانەی گشتی بوو. کە لە پلیکانەکان سەرکەوتین، چاوێکی لێم کرد و گوتی: ئیجازەیە دەستت بگرم؟ هیچم نەگوت، دەستمم دایە. گەرم گەرم، خۆمانە.... نازانم چۆن بیگێڕمەوە. کە ماڵاواییمان کرد لە بەردەم باخی گشتی، تەکسییەکەی بۆ راگرتم، شۆفێر تەکسییەکە هەر وا چاوەڕوان بوو، ئەم لەو راستەی شەقامە باوەشی پێمدا کرد و ماچی کردم و نێوچاوانیشم.... من ئاوا لەگەڵ ماچ ئاشت بوومەوە. ئاشتمی کردەوە. گوتی ماچ بۆ من لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، چاوی بڕییە چاوم و ئەمجارە لەو دیو هێڵی ئینتەرنێتەوە نا، لەبەر دەرگای ژوورەکەی، گوتی ماچی ماڵاوایی ... ئا رێک رووبەڕوو، چاوی بڕییە چاوم و پڕ پڕی کردم لە بۆنی ماچ و گوتی خۆشمدەوێی دایکەکەی دایکم...